www.kurdistannet.org
28-2-2007 22:31 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## روونكردنەوەیەكی پر لەهەڵوێست لەبارەی ووتارێكم لە 2-27 ی كوردستان نێت ی ئازیز. . . ئامانج عەبدوڵا سوور



ئەز هەرگیز لەو مەلابەزێنانە نیم داش سوار بكەم ولەكەلی شەیتان نەیەمە خواری لەگەڵ ئەوبیردۆزە پرلەزانستیەش دام كە هیچ شتێك رەها نیە تەنها ئەوە نەبێت كەرەها نیە. . . تاسەر ئێسك هاورام بەرەخنەگران قێز دەكەمەوە لەوەی رۆژێك یان ساتەوەختێك چییە دەسەڵات ستایشم بكات ودەربارێم بۆی بۆهەمیشە وەك گەنجێك هەستیارم بەوەی سەنگەری جەماوەر هەڵبژێرم لی چەن لەتوانام دا بێت لەسەركردنەوەم دەبێت بۆ نوسەر ورۆژنامەنوس ئاخر وان جودا لەهەموان بەوپەری ئیحساس بەئیستاتیكاوە دنیابینن، پێم وایە بەڵگەیەك بەسە بۆ ئەوەی هەڵوێستێك چەسپاو بێت لای من دۆراو ئەوەیە لەسەر رای خۆی سوروسواربێت بۆ خاتر وخۆتری نەنوسی ونیتشە ووتەنی غروری بەیانیان وتەسلیمی شەوانە بێداری نەكاتەوە، لەپاش ئەوەی شەوی 2-27 وتارێكم لەبارەی دۆسیەكەی نوسەر سەرۆ قارد لەسایتی نەتەوەیی كوردستان نێت ی ئازیز بلاڤ كردەوە بە ژمارەیەكی زۆری ئیمیەل و تیلفۆن پەیوەندیم پێوەكرا بەشێكی زۆری دەستخۆشی بوو لی بەشێكی نیگەرانی بوو ئەز تانوكە پەشیمان ینم لەوەی نوسیومە ئەوكەسەش بە موندەس وهەلپەرست وكاسەلێس ناوزەند ئەكەم بەلام ئەوەی باری سەرنجی راكێشاوم لەنێو پەیوەندیەكاندا یەكێك لەودۆستانە گفتی ئەوەی پێداوم كەسێدی كۆرەكەم بۆبهێنێت كەگوایە سەرۆ قادر بەغرورەوە سوكایەتی بەكۆمەڵگەی كوردەواریەوە دەكات ئەوەی دەوترێت هەمووی راستە لێرەوە لەم سەكۆ نەتەوەییەوە ئەز بانگی ئەوە دەدەم گەر ئەودیكۆمێنتەم بەدەست بگات وەك گەنجێكی نەتەوەیی ئامادەم هەڵوێست لەدژی ئەم بۆچونەپر لەغرورەی سەرۆقادری نوسەر دەرببرم بەخوێنی پەنجەم واژوی داواكاری بكەم بۆ دەركردنی ناوبراو لەوپۆستە هەستیارە دا!!!

پێم باشە دیكۆمێنت بگاتە دەستی هەموو ئەوانەی تانوكە گومانمان هەیە ئاخر كێشەكە لەوەدایە ئەوكەسەی ئەم دۆسیەیەی هەڵداتەوە لەناوتەپوتۆزی گوماندا تەی ئەكات لەسەر تەختی شانۆ خۆی وانمایش دەكات گوایە لەشكرێك لەگەنج لەپشتیەوەیەتی گەر ئەوسوكایەتیەی سەرۆ راست دەرچی ئەز رازی نابم كەسێكی ناحاڵی زمانحاڵی من بێت وبەفەردێكی ئەولەشكرە گومانایە هەژمارم بكات!!

هەروەك لەووتارەكەشمدا ئاماژەم بەوە كردووە كەمن وەك كائینێكی ناودەسەڵات بەرگری لەسەرۆ ناكەم بەڵكو وەك نوسەرێك لەسەری دەكەمەوە لی گەر ئەم دیكۆمێنتە دروست دەرچی ئەوا سیفەتی نوسەر بەخەسار ئەچی بۆ ناوبراو. . .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.